## یاسای پلەدارکردنە وەزیفییەکانی دەرچوانی کۆلیجی زانستەکان (بەشی کیمیا و بایۆلۆجی)ی هەرێمی کوردستانی عێراق

**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بە ناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی دەرهێنان: ٣١**
**رۆژی دەرهێنان: ٢٠٠٠/١٢/١٢**

«بڕیار»

پشت بە حوکمەکانی بڕگە (١)لە ماددەی (٥٦)و ماددەی (٥٣)ی یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و لەسەر داواکاری وەزیری تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی و رەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران وئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە(٢١)ی رۆژی (٢٠٠٠/١٢/١١)یدا کردوویەتی و بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە بڕگە (٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٧)پێمانی داوە بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەمان دا:

## یاسای
## ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٠
## یاسای
## پلەدارکردنە وەزیفییەکانی دەرچوانی کۆلیجی زانستەکان (بەشی کیمیا و بایۆلۆجی)ی هەرێمی کوردستانی عێراق

### ماددەی یەکەم:

دەرچووی کۆلێجی زانستەکان (بەشی کیمیا و بایۆلۆجی) لە تاقیگە سەرەکییەکانی نەخۆشخانەکانی پارێزگاکاندا بەپێی پێداویستی دەزگا تەندروستییەکان دادەمەزرێ و، بۆ ماوەی یەک ساڵ لە ژێر مەشقدا دەبێ.

**ماددەی دووەم:**

وەزارەتی تەندروستی ئەو مەشق کردووانە، دوای تەواو کردنی ماوەی مەشق، بەسەر مەرکەزە تەندروستییەکانی دەرەوەی مەڵبەندی پارێزگاکانی هەرێمدا، بەپێی پێداویست دابەش دەکا و تا دوو ساڵ دەمێننەوە.

**ماددەی سێیەم:**

ئەوانە. لەماوەی پلەدارکردنەکەدا، ڕێگایان پێ نادرێ کە دوای دەوامی ڕەسمی ئیختیصاصاتی خۆیان لە تاقیگە تایبەتییەکاندا پیادە بکەن، ماوەی پلەدارکردنەکەش (پێنج) ساڵە بۆ ئەوانەی کە خولی تاقیگەییەکە تەواو دەکەن، بەڵام بۆ ئەوانەی کە ناچنە خولەکەوە ماوەکە دەبێتە (دە) ساڵ و لەم بارەیاندا لیژنەی هونەریی وەزارەت، لەرووی نەزەری و عەمەلیشەوە هەڵیاندەسەنگێنێ.

**ماددەی چوارەم:**

ئەوەی پلەدارکردنەکە دەیگرێتەوە، دەرماڵەی دنەدانی لەپاداشتی دووریی جێگای ئیشەکانیان بۆ دەبڕدرێتەوە، بەم جۆرەی خوارەوە:

١- جێگەی (أ) سەد دینار.

٢- جێگەی (ب) سەدو بیست وپێنج دینار.

٣- جێگەی (ج) سەدو پەنجا دینار.

**ماددەی پێنجەم:**.

وەزیری تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی پێویستە ئەو جێگایانە دیاربکا کە ماددەی چوارەم دەیانگرێتەوە.

**ماددەی شەشەم:**

وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی بۆی هەیە بەهاوتەگبیری لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری پێکەوە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکردنی وەکارخستنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربهێنێ.

**ماددەی حەوتەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخاتە کار.

**ماددەی هەشتەم:**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت، کاری پێ ناکرێ.

**ماددەی نۆیەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە وەقایعی کوردستاندا، دەخرێتە کار.

**د.رۆژ نوری شاوەیس**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**